بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

134
10 ی حوزەیران/ جونی 2026



## پرۆژەی سنوردارکردنی چەکداری!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣


## دۆخی سیاسی کوردستان و پرسی دوبارە هەڵبژاردنەوە!



عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە ٥

## بۆچی یەکێتی و پارتی ڕێکناکەون؟ لە پشت پەردەی "شەراکەت" و ژمارەکانەوە چی دەگوزەرێت!؟



توانا محەمەد نوری

بۆ لاپەڕە ٦

حکومەتی تائیفی نمونەیەکی شکستخواردوو!


عوسمانی حاجی مارف... بۆ لاپەڕە ٨

ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی بۆرژوایی پەرژینی دڵنیایی.....

توانا محەمەد نوری..... بۆ لاپەڕە ١٠

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## سەرمایەداریەکی بێهەوسار!



موحسین کەریم

هەلومەرجێک کە کرێکارانی کوردستان تێیدا کاردەکەن، تەنها دەتوانرێ وەکو فەزای جەنگێکی ئارامی بەردەوام کە رۆژانە قوربانیەکانی لە کرێکاران وەردەگرێ، پێناسەبکرێت. لەم جەنگەدا هیچ فیشەکێک ناتەقێنرێت، هیچ سوپایەک بەرامبەر یەکتر نەوەستاون، دەنگی گرمەو هارەی بۆردومانی فڕۆکەی جەنگی و دەنگی مووشەک نابیسترێت، بەڵام قوربانیەکان بەردەوام دەکەونە سەر زەوی. ئەم جەنگە وەکو هەر جەنگێکی گەرم بریندارو کوژراوی هەیە، بەڵام هیچ کەسێکیش وەکو جەنگ مامەڵەی ناکات و نایبینێت! تەنانەت لە میدیاکانی کوردستاندا بە وانەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆنی بۆرژوایی و ئەوانەشی خۆیان بە سەربەخۆ ناوزەد دەکەن، بەهیچ جۆرێک ئاماژەی پێناکرێ!

کوردستان لەسایەی دەسەڵاتی کوردایەتیەوە بووەتە مەڵبەندێکی بەهەشت ئاسا بۆ کۆکردنەوەو کەڵەکەی سامان بۆ بۆرژوازی و سەرمایەدارانی کورد. پرۆسەی دەوڵەمەند بوون و هەڵکشانی سەرمایەی دەوڵەمەندان و خاوەن کۆمپانیاکان بەشێوەیەکی ئەوەندە خێراو سەرسوڕهێنەر دەچێتەپێشەوە کە ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ وولاتانێکی سەرمایەداری پێشکەوتوو و سەدان ساڵەی دنیادا، زێدەگۆیی نیە ئەگەر بڵێین سەرمایەداری لە کوردستان لە ریزی پێشەوەی ماراسۆنەکەیدایە!

ئەوەی وایکردوە ئەم دۆخە لەڕادەبەدەر گونجاوە بۆ پرۆسەی کەڵەکەی سەرمایەو جوڵەی سەرمایە لە کوردستان بێتەدی، ئەوەیە کە چینی کرێکاری کوردستان لە هیچ جۆرە مافێکی سیاسی و ئابوری بەهرەمەند نیە.

بۆ لاپەڕە ٢

# درێژەی........ سەرمایەداریەکی بێهەوسار!

هیچ جۆرە یاسایەکی کار نیە کە لانی کەمی مافەکانی کرێکاران ڕەچاوبکات و بەرگری لێبکات. یاسای کاری ژمارە ٣٥ ی ساڵی ٢٠١٥ی عێراق کە گوایە لە کوردستانیش دەبێ کاری پێبکرێ، بەتەواوی بە پێی باڵای بەرژەوەندیەکانی چینی سەرمایەدارو خاوەن کۆمپانیاکان دووراوە! چینی کرێکار لە هەرجۆرە مافێکی ئازادی ڕێکخراوبوون و مانگرتن و خۆپیشاندان بێبەشکراوەو تەنها ماف دراوە بە سەندیکا زەردەکان کە گوایە نوێنەرایەتی کرێکاران بکەن لە پەیوەند بە کێشە و گرفتەکانی کرێکاران و خاوەنکارەکانەوە. لەم یاسایەدا نوێنەرانی ڕاستەقینەی کرێکاران هیچ جێگایەکیان نیە لە دیاریکردنی کرێ و لانی کەمی کرێدا، لە دیاریکردنی مەرجەکانی سەلامەتی و هەلومەرجی کارکردن و گریبەستی بەکۆمەڵدا، هیچ جێگایەکیان نیە لە نوێنەرایەتیکردنی کرێکاران لە کێشەو گرفتەکانی نێوان خاوەنکارو کرێکاردا. لەم یاسایەدا کرێکار تەنها بونەوەرێکە کە دەبێ کاربکات بۆئەوەی بەشێوەیەکی کولەمەرگی بژی و هەرکاتێک بەهۆکاری کارکردنەوە زیانی جەستەیی بەرکەوت یان گیانی لە دەستدا، لە باشترین حاڵەتدا مووچەیەکی زۆر کەمی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ خێزانەکەی دەبڕێتەوە، لەکاتی نەخۆشی و پەککەوتندا زۆر بە ئاسانی لەسەر کار دەردەکرێن و تەنانەت وەکو ئامێرێکی بەرهەمهێنانیش مامەڵە ناکرێن کە پێوستی بە سیانەو چاودێری و مەسرەفکردن هەیە! بێگومان کرێکارانی بیناسازی و چێشتخانەو ناوەندە بچووکەکانی کارکردن لەوەش بێبەشن و دەبێ دوای پەککەوتنیان دەست بۆ خێرو سەدەقەی خزم و خەڵک درێژبکەن!

دەستی خاوەنکار بەتەواوی ئاوەڵایە بۆ چەوساندنەوەو بێمافکردن و بێکارکردن و دەرکردن و خۆدزینەوە لەهەر جۆرە بەرپرسیارێتیەک بەرامبەر بە سەلامەتی و ماف و شایستەکانی کرێکاران. لەوەش واوەتر هەر خودی ئەم یاسا بێگیان و دژە کرێکاریە، لە کوردستاندا لەسەر ڕەفەی وەزارەتی کارو بەڕێوەبەرایەتیەکانی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دانراوەو کاری پێناکرێ! دەتوانین بی هیچ دوودڵیەک بڵێین لە کوردستاندا هیچ جۆرە یاسایەکی کاری کارپێکراو لە گۆڕێدا نیە و خاوەنکار بەپێی ویست و میزاجی خۆی دەتوانێ هەڵسوکەوت لەگەڵ کرێکارو مافەکانی بکات و هەرکاتێک ویستی بێکار و نانبراوی بکات! دەتوانێ سەختترین هەلومەرجی کاریان بەسەردا بسەپێنێ و کەمترین کرێیان پێبدات کە تەنانەت ژیانێکی کولەمەرگیش بۆ کرێکار دابین نەکات! دەتوانێ هەرجۆرە ناڕەزایەتیەکی کرێکاری وەکو دروستکردنی ئاشوب و ڕاگرتنی کارو بەرهەمهێنان و زیان گەیاندن بە کارگە و پرۆسەی بەرهەمهێنان لەقەڵەم بدات و کرێکاری لەسەر سزا بدات یاخود لەسەر کار دەری بکات!...و تاد.

ئەم هەلومەرجە لەسایەتی دەسەلاتی حزبەکانی کوردایەتیدا بەڕێوە دەچێت. بەوجۆرە کوردایەتی و ناسیۆنالیزمی کورد، کە هەمیشە وەکو ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و بزوتنەوەیەکی سیاسی خۆی وەکو نوێنەر و بەرگریکار و پارێزەری بەرژەوەندیەکانی سەرجەم خەڵکی کوردستان ناوزەد دەکات، لە دنیای واقیعدا، نوێنەری و پارێزەری بەرژەوەندی چینی سەرمایەداری کوردە دژ بە چینی کرێکاری کوردستان و دژ بە بەرژەوەندی و مافەکانی. ناسیۆنالیزمێک کە بەناوی نەتەوەی کوردەوە دەیەوێ بەرگی هەموو خەڵک لەبەربکات، تا ناوەرۆکی ڕاستەقینەی چینایەتی خۆی بشارێتەوە، لەسەر خوێن و قوربانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکیشی کورد دەسەلاتێکی ڕەهای بۆ بۆرژوازی کورد بینات ناوە.

هەروەکو چۆن لە شەڕی لەگەڵ بۆرژوازی عەرەبیدا بەناوی مەسەلەی کوردەوە هەزاران ڕۆڵەی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستانی چەواشەکردو کردیە سوتەمەنی، ئێستاش لەکاتی دەسەلاتەکەیدا چینی کرێکاری کردوە بە سوتەمەنی بۆ زیادکردنی سەرمایەی چینی بۆرژوازی کورد.

بایەخی ژیانی ئێستای کرێکاری کوردستان لای دەسەڵاتی کوردایەتی هەرئەوەندەیە کە تاچ ڕادەیەک دەتوانی سامانی دەوڵەمەندانی نەتەوە زیاد دەکات، دەنا ئیتر بایەخێکی نیە! بۆیە نەک مافەکانی کرێکاران، نەک خواستەکانیان، نەک کرێیەکی گونجاو و شایستە، نە یاسایەکی کاری پێشکەوتوو کە ڕەچاوی مافەکانی کرێکاران بکات لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، بۆی مەسەلە نیە، بەڵکو سەپاندنی یاساو ڕێسایەکی ئەوتۆ کە سەلامەتی کرێکاران لەکاتی کارکردندا لەبەرچاوبگرێ و ڕوداوەکانی کار تا کەمترین ڕادە کەم بکاتەوە، هیچ جێگایەکی نیە لە یاساو لە بەرنامەی کاری دەسەڵاتی کوردایەتی و حکومەتی بۆرژوازی کورددا. دەتوانین بڵێین لەسایەی دەسەڵاتی حکومەتی کوردایەتیەوە نەک هەلومەرجێکی کاری هەرزان و کرێکاری بێماف و بێدەنگ بەسەر ژیان و کاری کرێکاراندا سەپێنراوە، بەڵکو سەرمایەداریەکی بێهەوسار لە کوردستان بەرقەرارە! ئەم ڕاستیە چینی کرێکاری کوردستان بە خوێن وفرمێسک ئەزمونی کردوە و دەیکات. کاتی ئەوەیە کە ڕیزی خۆی لە ڕیزی کوردایەتی و فکرو سیاسەتەکانی جیابکاتەوەو بیر لە بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی خۆی بکاتەوەو بۆ بەدیهێنانیان تێبکۆشێت!

# پرۆژەی سنوردارکردنی چەکداری!

عوسمانی حاجی مارف

عەلی زەیدی جەخت لەسەر پابەندبونی خۆی بە پرۆژەی بەرتەسکردنەوەی چەک لە دەرەوی پێکهاتەی حکومەتدا دەکات، بەو مانایەی دەیەوێت بڵێت هەنگاوێکە و ڕەنگدانەوەی ئیرادەی حکومەتە بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی دامەزراوە ئەمنی و یاسایەکان، بەڵام ئاشکرایە لە دۆخی سیاسی ئێستای عێراق و دەخالەتی ئێران لە عێراقدا، ئەم ئاراستەیە بۆ سنوردارکردنی چەکداری ڕوبەڕوی ئاستەنگی و تەحەدای جدی و بەرچاو دەبێتەوە، هەرئەوەی کە دەبینین بەشێکی زۆری میلیشیاکانی لایەنگری ئێران ڕەتی دەکەنەوە دەستبەرداری چەکەکانیان بن، تەنانەت هەندێک لە فراکسیۆنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی هەڕەشەیان کردووە کە ئەگەر ئەم ڕێبازە جێبەجێ بکرێت، لە هاوپەیمانی شیعە دەکشێنەوە.

گوتاری زەیدی لەبارەی چەکداماڵینی هێزە میلیشیاکانەوە گوایە ئەولەوییەتێکە ناتوانرێت دوابخرێت، بەمەش دەرگای بەرووی شەڕێکدا کردۆتەوە، کە لە جێبەجێکردنیدا ئەگەری هەیە ببێتە دۆخێکی نالەبارتر. هەر دوای چەند ڕۆژێک، لەلایەن کەتاییی حزبوڵڵا وە لە عێراق وەڵام بەزەیدی درایەوە، کە دەڵێن ئەو چەکداریە ئەرکێکی بە کۆمەڵ و جیهادیە، ئەو کەسانەی هەڵیانبژاردوە و خۆیان ڕێکخستووە، وازی لێناهێنن.

ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ڕەتکردنەوەی هەوڵەکانی حکومەتی زەیدی لە هەوڵیدا بۆ کۆنترۆڵکردنی بڵاوبونەوەی چەک. لەکاتێکدا کەتاییی حزبوڵڵا دەوڵەتێکیان دەوێت هێزی چەکداری سەربەخۆ قەبوڵ بکات.

ئەو هێزانەی لە چوارچێوەی هەماهەنگیدا عەلی زەیدیان گەیاندە سەرۆکایەتی، هەندێک پشتیوانی بۆ پرۆژەکانی قەبوڵ دەکەن. بەڵام ئەم پشتگیریە مەرجدارە و پڕە لە ڕەخنەی نەوتراو، چونکە هەندێک لە گروپەکان خاوەنی باڵی چەکدارین کە سەرچاوەی دەسەڵاتی موزایەدەکردنیان پێکدەهێنێت، واتە لەگەڵ هەر ڕاگەیاندنی پشتیوانیەکیان بۆ پرۆژەکە، تەنها لەبەر ئەوەیە نایانەوێت ببێتە ململانێ و کێشەیەک کە پێشوەختە دەزانن ئاکامەکەی دۆراندنە، بۆیە هەوڵئەدەن ژێربەژێر بەر بەخودی پرۆژەکە بگرن.

لەلایەکی دیکەوە لیواکانی سەید شوهەدا هەڵوێستێک دەپارێزن کە هەر جۆرە گفتوگۆیەک لەسەر ئەو پرسە ڕەتدەکەنەوە، ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەڵوێستیان سەبارەت بە تەسلیم نەکردنی چەکەکان پتەو و نەگۆڕە. کەتاییی حزبوڵڵا لەوە زیاتر دەڕوات و پرسی چەک بە نیگەرانیەکانی ئەمنی ناوچەکە دەبەستێتەوە، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە تا ئەوکاتەی هێزە بیانیەکان لە هەرێمی کوردستان جێگیرکراون وەک بەشێک لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، ئامادەنین گفتوگۆ لەسەر چەکەکانیان بکەن.

هەرچەندە پرۆژەی سنووردارکردنی چەک پاڵپشتیەکی سیاسیشی هەیە لەنێو خودی هێزە میلیشیاکانیشدا وەک موقتەدا سەدر، بەڵام جێبەجێکردنی کردەیی و ئاسان نیە و زیاتر بە سیناریۆ دەچێت تا جدی بون بێت لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە، چونکە هێشتا بەربەستەکانی پەیوەست بە هەڵوێستی هەندێک کوتلە چەکدارەکان ڕەتی دەکەنەوە چەکەکانیان ڕادەست بکەن و نایانەوێت تێکەڵ بە دامەزراوە فەرمیەکانی حکومەت بکرێن.

لەنێو ئەو میلیشیایانەدا لیواکانی حزبوڵای عێراق و بزووتنەوەی نوجەبا لە بۆنە جیاوازەکاندا بەئاشکرا دووپاتی دەکەنەوە کە چەکەکانیان چەکی "بەرگریە" دەڵێن تا بونی سەربازی ئەمریکی لەسەر خاکی عێراق دەمێننەوە، چەکەکانیان رادەست ناکەن، هەڵبەتە ئاشکرایە کە دوای ئەوەش هەر رادەستی ناکەن!، ئەم هەڵوێستە جیاوازیەکی بنەڕەتی لەبەرامبەر هەوڵی عەلی زەیدیدا ئاشکرا دەکات، کە سنووردارکردنی چەک بە ئەرک و پێداویستیەک دەخاتەروو کە گوایە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتە، بەڵام دیدگا و ئاراستەی هەندێک لایەن، ئایندەی چەکەکانیان بە ڕەچاوکردنی ناوچەیی و ئەمنیەوە دەبەستنەوە کە سنوورەکانی عێراق تێدەپەڕێنن.

پێدەچێت پرسی کۆنترۆڵکردنی چەک بووبێتە تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی توانای حکومەت بۆ بەرجەستەکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی، بەتایبەتی کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دروشمی هاوشێوەیان بەرزکردۆتەوە، بەڵام ڕوبەڕوی ئاستەنگی سیاسی و ئەمنی بونەتەوە، کە ڕێگری لە جێبەجێکرنی ئەو ئاراستەیە کردوە. هەڵبەتە ئێستا تارادەیەک دۆخەکە بەجۆرێک جیاوارە، بەتایبەتی کە دۆخی دوای شەری چل ڕۆژەی ئەمریکا و ئێرانە، فرسەتی داوە بەزەیدی مراوەغەیەک لەوبارەیەوە بکات.

گومانی تیا نیە سەرنەکەوتنی پرۆژەی کۆنترۆڵکردنی چەک پەیوەستە بە دۆخی سیاسی عێراق و پێکاهاتەی حکومەت لەسەرەتاوە بەتایبەتی باڵادەستی ئێران بەسەر عێراقدا و دەخالەتی بەردەوامی لە پێکهێنانی حکومەتەکاندا، لە هەمانکاتدا چۆنیەتی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کوتلە چەکدارەکان و هاوسەنگی سیاسی لەناو خودی گروپە شیعەکاندا.

لەکاتێکدا حکومەتەکان وەهایان نیشانداوە بەو ڕێگایەدا دەڕۆن کۆنترۆڵی چەکداری دەکەن و نەیانتوانیوە جێبەجێی بکەن، کێشەکە ئەوەیە کە خودی ئەو هێزە میلیشیایانە هەمیشە بەشێک بون لە پێکهێنانی حکومەتەکان، لەلایەکی تریشەوە کۆماری ئیسلامی لەرێگەی هێزەکانی پاشکۆی خۆی وەک هێزی میلیشیا دەوری سەرەکیان دیوە لە ڕەواجدان بە بونی هێزی چەکداری لەدەرەوەی دەزگاکانی حکومەتی عێراقدا، بەتایبەتی لە پێکهێنانی هێزەکانی حەشدی شەعبیدا کە بۆتە وزەی دەسەڵاتی شیعە، ئێستاش جگە لە دۆخێ دوای ڕاگرتنی شەڕی ئەمریکا و ئێران، چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتی عێراق ئاڵوگۆری بەسەردا نەهاتووە، بەو مانایەی هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیٔ کە ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا دەبینین و ئێران هاوپەیمان و پشتیوانیانە، دوای ئەو شەڕەش لە شوێنی خۆیاندا ماون. حکومەتێک لە عێراقدا لەسەر بنەمای بەشبەشێنە و ڕێکەوتنی نێوان هێزە تائیفی و ئیسلامی و نەتەوەپەرستی پێکدەهێنرێت و جەختی لەسەرکراوەتەوە، ئاشکرایە کە حەشدی شەعبی پایەیەکە بۆ هێزە شیعەکان و ئێران، ڕۆشنە کە دەستبەرداری نابن، بۆیە عەلی زەیدەیش بە هەمان پرۆسەی بنبەستی حکومەتەکانی پێش خۆی هەنگاو دەنێت و لە هاوسەنگی نێوان پێداویستییەکانی ئاسایش و سەقامگیری و ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا دەرگیردەبێت، لە هەمانکاتدا لە دۆخێکی ئاڵۆزتری ناوچەکە و عێراقدا مامەڵە دەکات.

پرسی کۆنترۆڵکردنی چەک تاقیکردنەوەی پێشوەختەیە بۆ حکومەتەکەی ئەلزەیدی، ئەمەش لەبەر ئەوە نیە کە تاکە پرس یان زەقترین پرسە لە کارنامەی عێراقدا، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئەو پرسەیە کە بە ڕوونی ئاشکرای دەکات کە ئایا دەوڵەت بە پرەنسیپی دامەزراوەیی و دەزگا فەرمیەکان بەڕێوەدەچێت یان بەپێی لۆژیکی بەردەوامی بەشبەشێنە و هێزی میلیشیا و دابەشکردنی دەسەڵات بەردەوام دەبێت لە کارکردندا. پرۆسەی شکستهێنانی زەیدی لەسەر ئەم پرسە نەک هەر خەسارەیەکی سیاسیە بۆ حکومەتەکەی، بەڵکو بازنەی ئەو قەیرانانە بەرهەم دەهێنێتەوە کە عێراقی گرتوتەوە، هەروەها ئەو هاوکێشەیە لاوازتر دەردەکەوێت کە بانگەشەی زاڵبونی یاسا و دەستور دەکات!.

سالانێکە عێراق لە ناوچەیەکی خۆڵەمێشیدا ماوەتەوە لەنێوان دوو وەڵامدا، هەر سەرۆکوەزیرانێک بەڵێنی ئەوە دەدات کە ئەم بوارە دیاری بکات و چارەسەری بکات بەڵام کە پۆستەکەی بەجێدەهێڵێت هێشتا ئەو پرسە لە شوێنی خۆیدایە. هاوکات ئەلزەیدی بەردەوامە لە هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە ئاڵۆزە بە ئامادەکاری بۆ کۆبونەوەیەکی فراوان لەگەڵ سەرکردە ئەمنیەکان و نوێنەرانی ئەو میلیشیایانە کە ئامادەیی خۆیان بۆ ڕادەستکردنی چەکەکانیان بە دەوڵەت ڕاگەیاندوو.

لەلایەکی تریشەوە ئەوەی سەرنجراکێشە، ئەو هێزانەی کە بڕیارە پشتگیری سیاسی لەم پرۆژەیەدا پێشکەش بە حکومەت بکەن، هەمان ئەو هێزانەن کە خاوەنی هێزی میلیشیان و حکومەت داوایان لێدەکات دەستبەرداری چەکەکانیان بن، ئەمەش ناکۆکی جێبەجێکردنی پرۆژەکە نیشان ئەدات، چونکە گەر لەباری عەملی و واقعیەوە کارێکی لەو چەشنە ئەنجام بدرێت، مانای کۆتایی دەسەڵاتی چوارچێوەی هەماهەنگی و دەخالەتی ئێرانە، بۆیە هەوڵەکانی چونە ناو پرۆسەی ئەم پرۆژەیە زیاتر بە سیناریۆ دەچێت، تا ئەوەی پێشبینی بکرێت لەسەرەوە ئاڵوگۆر لە حکومەتی عێراقدا بکرێت، یان هەوڵێکی بێهودەیە وناکرێت.

ئاڵوگر لە حکومەتی عێراقدا پێش هەموو شتی دەبێت ڕامالین و پاکردنەوەی ئەو هێزانە بێت کەلەسەر بنەمای تائیفی و ئیسلامی و نەتەوە پەرستێ و حکومەتی بەشبەشێنە و هاوسەنگی هێزەکانیان و بە ڕێکەوتن حکومەت پێکدەهێنن، تاڵانی دەکەن و دەستکەوتەکان دابەش دەکەن.

گەر بگەڕێینەوە بۆ ڕێڕەوی حکومەتەکانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣وە، هەموو سەرۆک وەزیرانێک نیازی خۆی ڕاگەیاندووە لەبەرمبەر ڕێکخستنی بڵاوبونەوەی چەک لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکاندا، لە کۆتاییدا بەناچاری خۆیان دیوەتەوە کە لە پەراوێزی پرسەکەدا دانوستان دەکەن.

مالیکی وەک ئامرازێکی تایبەت دەزگای بەرەنگاربونەوەی تیرۆری دامەزراند، عەبادی دوای شکستی داعش هەوڵیدا هێزەکانی حەشدی شەعبی ڕێکبخاتەوە، کازمی بە ڕوونی پرۆژەیەکی بۆ سنووردارکردنی چەک ڕاگەیاند، تەنها لەبەر ئەوەی ڕوبەڕوی هێرشی موشەکی دەبێتەوە.

داینامیکی دەسەڵات لەناو دامەزراوەی سیاسی شیعەدا، کە دەسەڵات و ڕکابەری لە بەرژەوەندیدا پێش عەلی زەیدی و دوای ئەلزەیدی بوونیان هەیە، جگە لەوەش پەیوەندی لەگەڵ ئێران کە پەیوەندیی دامەزراوەیی نزیک لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە گروپە چەکدارەکاندا دەپارێزێت، ڕەهەندێکی ناوچەییە کە بەردەوام دۆخی ناوخۆی عێراق ئاڵۆز دەکات.

ئەوەی شایانی باسە، لە ماددەی نۆی دەستووری عێراقدا بەڕاشکاوی باس لەوە دەکات کە پێکهێنانی میلیشیای چەکدار لە دەرەوەی چوارچێوەی دەزگا حکومیەکان قەدەغەیە. زەیدی دوای کاریگەری جەنگی ئەمریکا و ئێران لەسەر عێراق و ناوچەکە، دەیەوێت هاوسەنگیەک لە ململانێی ئەمریکا و ئێران لەسەر عێراق ڕابگرێت، بۆ ئەمەش هەوڵەدات بەو مادە دەستوریە پرۆژەکەی جێبەجێ بکات، بەڵام واقیعی عێراق جیاوازە لە چوارچێوەیەکی تردا بەڕێوەدەچێت و بە شێوەیەکی جیاواز کاردەکات، دەستور کاری پێناکرێت، بۆیە ڕێرەوی زەیدی لەوانەی پێش خۆی باشتر نابێت.

★

# دۆخی سیاسی کوردستان و پرسی دوبارە هەڵبژاردنەوە!

عەبدوڵا مەحمود

دۆخی سیاسی و ئابوری و یاسایی کوردستان بە هەلومەرجێکی زۆر سەخت و تایبەتدا تێدەپەڕێت. لەباری سیاسیەوە توشی چەقبەستنێکی قورس و رووبەرووە لەگەڵ ئایندەیەکی نادیار. لەباری ئابورییەوە روو لە داڕمانێکی گەورە بۆتەوە و جێ پێیەکانی بۆشە. لەباری یاساییەوە دەرگیرە لەگەڵ بۆشاییەکی یاسایی و هیچ کام لە دامەزراوە پێناسەکراو و یاساییەکانی وەکو "حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ"!! بەشیوە کارتۆنیەکەشی بوونی نییە. زیاتر لەوانە پەیوەندی نیوان هەردوو حزبی دەسەڵات کە قەڵەمرەوی زۆنی زەرد و سەوزیان بەدەستە، لەوپەڕێ خراپیدایە. پەیوەندی حزبەکانی دەسەڵات بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە شلۆق و ناسەقامگیرە. پەیوەندی نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ یەکتری، وەکو پەیوەندی نێوان هەردوو حزبی دەسەڵات، ئاڵۆز و ناڕیکە. پەیوەندی دەسەڵات و خەڵکی کوردستان، داڕماوە و قڵشتێکی گەورە کەوتۆتە نێوانیان و متمانەیەک نەماوە.

لەم دۆخەدا کە هەرێمی کوردستان رووبەڕووی بۆتەوە، نزیک بە دوو ساڵە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان کراوە، کەچی هیچ هەواڵێک و تەنانەت هەنگاوێکی دیار نابینرێت بۆ دەستبەکاربوونی پەرلەمان و پێکهێنانی کابینەی نوێ حکومەت!!. زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی و کەسانی یاسایی دەڵێن هەرێم کەوتۆتە ناو دۆخی بۆشایی یاسایی و ئەوەش وەکو مەترسیەکی گەورە لەسەر هەرێم و ئایندەی قەوارەی سیاسییەکەی و ئایندەی سیاسی کوردستان دەبینن!

لەسۆنگەی ئەو دۆخەی لە ئێستادا لە ئارادایە، پرسی دووبارە هەڵبژاردن و هەڵبژاردنەوەی پیشوەختە بۆ ئەم دۆخە، دەخرێتە ڕوو. ئەوەی بەپلەی یەکەم پرسی دوبارە هەڵبژاردنەوە دەست بۆدەبات و دەیەوێت بیوروژێنێت، پارتی و دیموکراتی کوردستانە. پارتی کە خۆی بەحزبی ملیۆنی و ژمارە یەکی عێراق و هەرێم، و سەرکەوتووی هەڵبژاردنی خولی شەشەم دەزانێت، لە پیکهێنانی حکومەت و کابینەی تازەدا بنبەستە، بۆیە بۆ دەرچوون لەو ئەزمەیە، کارتی دوبارە هەڵبژاردنەوە بەدەستەوە دەگرێت، بەڵام نەک بۆ دوبارە هەڵبژاردنەوە، بەڵکو بەوێنەی گوشارێک بۆسەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان مامەڵەی دەکات، تا لەو رێگایەوە، لەلایەکەوە چاو بە هاوپەیمانیەتیەکەی لەگەڵ نەوەی نوێدا بخشێنێتەوەو لەلایەکی تریشەوە بۆ پاشەکشەپێکردنیەتی لە داواکارییەکانی لە پۆستەکانی کابینەی داهاتوودا.

پارتی باش دەزانێت، هەڵبژاردنی پیشوەختەو دوبارە هەڵبژاردنەوە، ناتوانێت هاوسەنگی هیز لە دۆخی کوردستاندا تا ئەو ئاستە بگوڕێت کە پارتی بکاتە لایەنێکی وا باڵادەست کە بتوانێت بەخۆی و هیزەکانی ناو بازنەی قەڵەمڕەوییە سیاسیەکەی حکومەت پێک بهێنن، جیا لەوەش حکومەت لە هەرێمدا ئەگەر کارتۆنی و نمایشیش بێت، بە بێ بەشداری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، قومارێکی دۆراوە و حکومەتێکی پێک نەهاتووە.

پێداگری پارتی و بانگەشەی هەوڵدان بۆ پیکهینانی حکومەت و بەدەستەوە گرتنی ئەوە وەکو گوشارێک لەسەر یەکێتی، لە بنەرەتدا بۆ پیکهێنانی حکومەت و یان خەمخۆری پارتی بۆ دامەزراوە یاساییەکان!! ی وەکو حکومەت و پەرلەمان و کاراکردنەوەی نییە، بەڵکو بۆ دوبارە راکیشانەوەی یەکێتییە بۆ ژێر چەتری بازنەی سیاسەت و بەرژەوەندییە گشتییەکانی خۆی و دوبارە گێرانەوەی پەیوەندی خۆی لەگەڵ یەکێتی بە ئاراستەی سەردەمی جەلال تاڵەبانی. لەو چوارچیوەیەشدا پیکهێنانی حکومەتێکی کارتۆنی روکەش کە بەشی یەکێتی لە پۆستەکاندا لەبەرچاو بگرێت، بێئەوەی دەسەڵاتێکی ئەوتۆی پێبدات و هاوبەشی یەکسانی حکومڕانی بێت.

ئەوەی رۆشنە چ پارتی و چ یەکێتی، زەرەرمەندی سەرەکین لە پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتێکی بۆرژوازی ئاسایی. هەر پەرلەمان و حکومەتێکی ئاسایی بۆرژوازی لە هەرێمدا پێک بێت، لەپیشترە لە دەسەڵاتی حزبۆکراتی و میلیشیایی و بنەماڵەیی. بوونی حکومەت و پەرلەمان بە هەمان ناوەرۆکی بۆرژوزایانەی خۆیەوە، ئەگەر کەمیش بێت دەتوانێت تارادەیەک جلەوی دەسەڵاتی حزبی پارتی و یەکێتی و هیزە چەکداری و ئەمنی و بنەماڵەییەکانیان و دەستێوەردانیان لە سەرجەم کایەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کەلتوری کۆمەڵگەی کوردستاندا بگرێت. ئەوەی کەوایکردووە پارتی و یەکێتی لە مەیدانی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان و لە هەردوو زۆنەکەدا هەمە کارەو خاوەن بڕیار بن، لەلایەنێکی سەرەکی خۆیدا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی حکومەت و پەرلەمانێکی بۆرژوایی ئاسایی...

بۆیە هەراو زەنای خەمخۆری بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و پیکهێنانی حکومەت چ بۆ پارتی و چ بۆ

⇦

یەکێتیی بۆ پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمانێکی باوی بۆرژوازی نییە، بەڵکو بۆ دوبارە سازدانەوەی هەمان ئەو دەورو دوکانە حزبی و بنەماڵەیی و دەسەڵاتە میلیشیاییەیە کە لەسەروی هەموو دامەزراوەیەکی یاسایی بۆرژوازییەوەیە، بۆ درێژەدان بەدەسەڵاتی حزبۆکراتی بەسەر زۆنەکاندا.

یەکێتی و پارتی، بەتایبەتیش پارتی کەزۆرجار باسی گواستنەوەی ئەزموونی سەرکەتووی هەرێم!! بۆ عێراق دەکات، دەبینێت هێزو لایەنەکانی بۆرژوازی عێراقی بە دینی و قەومی و مەزهەبییەوە، حکومەت و پەرلەمان لەکاتی خۆیدا پێک دەهێنن. بە ڕێکەوتن لەسەر کاندیدی سەرۆکی حکومەت لەدەرەوەی هێزە سەرەکییەکان ڕیک دەکەون و لە هەر دەورەیەکدا کەسێکی تازە دەبێتە سەرۆکی حکومەت و دەستاو دەستپێکردنی پۆستە هەستیارەکانیش بەڕێوەدەچێت، ئەگەر بە رووکەشیش بێت ناهێڵن بۆشایی یاسایی!! پیک بێت و دیمەنی باو و ئاسایی دیموکراسی بۆرژوایی عێراقی لە ئاستی ناوخۆ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەدخەنەروو. ئەم هێزە بۆرژوازیانەی عێراق، ڕێگە نادەن ناکۆکییە سیاسییەکانیان ڕێگر لە پیکهێنانی حکومەت و پەرلەمان بێت. ئەم واقعیەتە بۆتە گوشارێکی زۆر لەسەر دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، بەتایبەتیش پارتی.

پارتی و یەکێتی، بەتایبەتیش پارتی لە سۆنگەی ترسی لە دەسەڵاتی بۆرژوازی عێراقی کە رەوایەتی دەسەڵاتیان بەسەر هەرێمدا بەشێوەی یاسایی بخاتە ژێر پرسیارەوە، زۆرتر پێداگری لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان و پیکهێنانی حکومەت دەکەنەوە. لەو نێوەشدا دەیانەوێت یەکێتی بە هۆکاری ئەم دۆخە نیشان بدەن. لەوچوارچێوەیەدا باسی دوبارە هەڵبژاردنەوە یان پیکهێنانی حکومەت و کاراکردنەوەی پەرلەمان بە بێ یەکێتی دەکەن، بەڵام چ پیکهێنانی حکومەت بە بێ یەکێتی بەجێگایەک ناگات و چ دەرفەتی گونجاو بۆ هەڵبژاردنەوەی دوبارە نییە. خۆ ئەگەر هەڵبژاردن دوبارەش بکرێتەوە بە ناو کۆمەڵێک ڕێگریدا دەچێتە پێشەوە کە دەست بۆبردنی بە ئەندازەی دەستبردن بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و پیکهێنانی حکومەت سەختە.

سەیر ئەوەیە دەسەڵاتی بۆرژوازی پارتی و یەکێتی، لەگەڵ ئەوەدا ناکامن لە پیکهێنانی حکومەت و کاراکردنەوەی پەرلەمان و تواناى دابینکردنی موچەیان بۆ هاوڵاتیان نییە، خزمەتگوزارییەکان نەماون و نابود بوون، دەسەڵاتیان تەواو حزبی و بنەماڵەییەو هیچ دەستاودەسپیکردنی پۆستە سەرەکیەکانیان نییە، کەچی باسی سەرکەوتنی ئەزموونی هەرێم و گواستنەوەی بۆ عێراق دەکەن.

ئەم بانگەشانەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و پارتی، زۆر پوچ و ناڵۆژیکین، کە رەنگدانەوەی ناوەرۆکی کۆنەپەرستی و ناتەبایی پیکهاتەی بنەماڵەیی و حزبین لەگەڵ نۆرم و ئەلگۆی هەر دواکەوتووی بۆرژوازی ئەم سەردەمە.

★

# بۆچی یەکێتی و پارتی ڕێکناکەون؟ لە پشت پەردەی "شەراکەت" و ژمارەکانەوە چی دەگوزەرێت!؟

توانا محەممەد نوری

لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ی پەرلەمانی کوردستانەوە، پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێم لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا چەقی بەستووە. لەڕواڵەتدا، ئەم چەقبەستووییە وەک ململانێیەکی ئاسایی سیاسی لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان دەردەکەوێت، بەڵام لەناوەرۆکدا، گوزارشتە لە ململانێی دوو هێزی میلیشیایی کە ساڵانێکە شەڕی سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە کوردستانی عێراق دەکەن. پارتی بە بەدەستهێنانی ٣٩ کورسی خۆی بە براوەی یەکەم دەزانێت، لەبەرامبەردا یەکێتی کە لەگەڵ جووڵانەوەی نەوەی نوێ ڕێککەوتووە و کورسییەکانیان پێکەوە دەگاتە ٣٨ کورسی (٢٣ی یەکێتی و ١٥ی نەوەی نوێ)، داوای ئەوە دەکات کە پێی دەڵێت "شەراکەتی ڕاستەقینە". ئەم دوو هێزە نەک تەنها لەسەر پۆستەکانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت ناکۆکن، بەڵکو کێشەکانیان تەشەنەی سەندووە بۆ دابەشکردنی وەزارەتەکان و تەنانەت پۆستەکانی بەغداش.

کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە یەکێتی و پارتی وەکو دوو هێزی چەکدار کە دوو ناوچەیان بەدەستەوەیە، دەیانەوێت لەسەر ئاستی سەرجەم بزووتنەوەی کوردایەتی و بۆرژوازی کورد لە کوردستانی عێراقدا بە هێزی یەکەم و دووەم بەشدار بن. لەکاتی تاڵەبانیدا ئەمە بەجۆرێک قبوڵکرا کە یەکێتی وەک هێزی دووەم لە دەسەڵاتدا بەشدار بێت، و بەوپێیەش دەسەڵات و داهات و بەرژەوەندییەکانیان دەستنیشان بکرێت. ئەمەش بەو مانایە دێت کە پۆستەکانی حکومەت لە کوردستان و هەروەها لە عێراق بەپێی ئەو هاوسەنگییە دابەش بکرێت، و هەریەکەیان کۆنترۆڵی سەربازی، ئەمنی، سیاسی و ئیداریی زۆنی خۆی بکات.

کاتێک یەکێتی باس لە "شەراکەتی ڕاستەقینە" دەکات، مەبەستەکەی زۆر ڕوونە؛ ئەو دەیەوێت وەک شەریکێکی یەکسان لە هەموو بڕیارە دارایی و ئەمنییەکاندا بمێنێتەوە. شەراکەت لای ئەوان واتە گەڕانەوە بۆ سیستەمێک کە تێیدا داهاتەکان و دەسەڵاتی بڕیاردان لە نێوان هەردوو زۆنەکەدا بە

یەکسانی دابەش بکرێت. لە ڕووی داراییەوە، ئەمە بەو مانایە دێت کە پارتی نابێت بە تەنیا بڕیار لەسەر هەموو پەیماننامە و گرێبەستە گەورە ئابورییەکان بدات یان خۆی نوێنەرایەتی ئەو کارانە بکات. هەروەها لە پەیوەندی بە دەوڵەتانی دەرەوە و عێراقەوە، پارتی نابێت تاکە بڕیاردەر یان بڕیاردەری سەرەکی بێت، چونکە ئەوان بە ناچاری دەبێت لەگەڵ یەک حکومەتدا مامەڵە بکەن.

پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم "زۆرینە" پەرلەمانییەوە شەرعییەت بدات بەو شێوازە لە حوکمڕانی کە خۆی دەیەوێت. هەولێر کە پایتەخت و ڕەمز و ناوەندی دەسەڵاتی هەرێمە، لەژێر دەستی پارتیدایە، و ئەمەش دەرفەتی داوە بە پارتی کە سوود لەو دۆخە وەربگرێت و یەکێتی وەلا بخات. ئێستا پارتی دەیەوێت یەکێتی لەڕووی پۆستەکانی حکومەتی هەرێم و بەغداوە وەلا بنێت و بیکاتە "برای بچووک" و پاشکۆ، شتێک کە یەکێتی بە هیچ شێوەیەک قبوڵی نییە. هەروەها پارتی هەموو گرێبەستەکان خۆی دەیکات، کە ئەمەش یەکێتی زیاتر نارەحەت کردووە. یەکێتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی هەر بەدەستەوەیە و کۆنترۆڵی ئابووری لە ناوچەکانی خۆیدا بەدەستی خۆیەتی، بەڵام لەسەر ئاستی سەرجەم هەرێم، عێراق، دنیای دەرەوە، دیپلۆماسیەت و گرێبەستەکان، یەکێتی لاوەکی کراوە. یەکێتی دەیەوێت ئەوە ڕاست بکاتەوە و پارتی دەسەڵاتەکانی لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ بەش بکات.

لەڕاستیدا ئەم دوو هێزە کۆمەڵگەیان کردووە بە دوو کەرتی جیاوازەوە بۆئەوەی بتوانن بە ئاسانی کۆنترۆڵی بازاڕ و سەرچاوەکان بکەن. ئەوان حکومەت وەک چەترێک دەبینن بۆ شاردنەوەی ئەو بەرژەوەندییە تایبەتانەی کە لە ڕێگەی گروپە داراییەکانیانەوە بەڕێوەی دەبەن. چەقبەستوویی ئێستا لەسەر پۆستە باڵاکان، بەتایبەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت، نیشانەی ئەوەیە کە هیچ کام لەم دوو هێزە متمانەی بەوی تر نییە. ئەگەر ڕێکناکەون، هۆکارەکەی ئەوەیە کە هیچ کامیان ئامادە نییە سازش لەسەر ئەو هێزە بکات کە لە ناوچەکەیدا هەیەتی، چونکە لای ئەوان هێز و پارە دوو ڕووی یەک دراون و لەدەستدانی یەکێکیان واتە نەمانی ئەوی تریان.

دروشمی "خزمەتکردنی خەڵک" یان "مافە گشتییەکان" زۆرجار وەک پەردەیەک بەکاردێن بۆ شاردنەوەی ئەو ململانێ توندەی لە پشت پەردەوە لەسەر دابەشکردنی پۆست و بودجە هەیە. ئەم ململانێیە هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانەوە نییە، و ئەو خەڵکەی کە بەدەست قەیرانی ئابووری و بێکارییەوە دەناڵێنێت هیچ قازانجێک لەوە ناکات کە کێ دەبێتە سەرۆکی پەرلەمان یان کێ کام وەزارەت دەبات.

لە کۆتاییدا، پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ بەبێ گۆڕانکاری لەم سیستەمەدا، تەنها دووبارەکردنەوەی هەمان دۆخی پێشووە. تا ئەوکاتەی پێوەری سەرەکی بۆ بەڕێوەبردن بریتی بێت لە پاراستنی بەرژەوەندیی گروپە باڵادەستەکان، کێشەی خەڵک و کۆمەڵگە چارەسەر نابێت. لەڕاستیدا، چ یەکێتی و چ پارتی، هەردووکیان لەبنەڕەتدا دوو باڵی جیاوازی خێزانی کوردایەتین کە ماڵ و دەسەڵات و خاک و سامانی هەرێمی کوردستانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردووە، نەک بۆ خزمەتکردنی خەڵک، بەڵکو بۆ بەردەوامبوونی دەسەڵاتی بنەماڵەیی خۆیان. شەڕی نێوانیان شەڕە لەسەر چۆنیەتی تاڵانکردنی زیاتری کۆمەڵگا، نەک ململانێیەک لەپێناو خەڵکدا. ڕێگەی ڕاستەقینە بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە، گۆڕینی ئاراستەی دەسەڵاتە بەرەو دابینکردنی پێداویستییەکانی هەموو تاکێکی کۆمەڵگە، نەک هێشتنەوەی سامانی وڵات لە دەستی چەند خێزانێکی دیاریکراودا کە تەنها لە کاتی دابەشکردنی پشکەکاندا یەکتر دەبینن.

★

## لە بەرنامەی دنیای باشتر( بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری)ەوە:

### یاساکانی کار و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی

- دابینکردنی سەلامەتی و هەلومەرجی تەندروستی شوێنی کار و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی کار تا نزمترین ئاستی مومکین بەبێ هیچ سك هەڵگوشینێك، بە سوودوەرگرتن لە پێشکەتووترین ئاسانکاری و ئیمکاناتێك کە لە ئاستی جیهانیدا بەکاردەهێنرێ. چاودێری و پشکنینی پزیشکیی ڕێکوپێك لە بەرامبەر ئەو مەترسی و نەخۆشیانەی کە لە پیشە و کارەوە سەرچاوەدەگرن، لەلایەن دامودەزگای پزیشکیی سەربەخۆ لە خاوەنکارەوە، لەسەر خەرجی خاوەنکارەکان و دەوڵەت.

- بیمەکردنی تەسەلی کرێکاران لە بەرامبەر ئەو کارەسات و زیانانەی کە لە ئەنجامی کارەوە تووشیان دەبێت، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەشوێنی کار و یان دەرەوەی شوێنی کار ڕوویداوە و بەبێ‌ئەوەی کە کرێکار پێویستیی بە سەلماندنی کەمتەرخەمیی خاوەنکار یان بەڕێوەبەرایەتی هەبێت. دانی کرێی تەواوی خانەنشینی بەو کرێکارانەی کە لە ئەنجامی کارەساتی کارەوە توانای کارکردن لەدەست دەدەن.

# حکومەتی تائیفی نمونەیەکی شکستخواردوو!

عوسمانی حاجی مارف

واقعی گۆڕەپانی سیاسی عێراق تادێت بێسەروبەر و شێواو سەرگەردانتر دەردەکەوێت، تا ئەو ئاستەی مرۆڤ هەست دەکات کە هەرجارێک ئەم وڵاتە لە هەوڵی بۆ دەربازبون لە هەر تەنگانەیەکی سەخت، کە بەرەوڕوی دەبێتەوە، دەکەوێتە ناو تەنگانەیەکی قووڵترەوە، بە چەواشەکاری و فریوکاری، بەناوی چارەسەرەوە لە بازنەیەکی بۆشدا دەسوڕێتەوە.

تەواوی هاوپەیمانی نێوان لایەنەکان، وەک هێزی میلیشیای تائفی و ئیسلامی و نەتەوەپەرستی بەهاوپەیمانی کۆن و نوێیانەوە، نەک کێشەکانی دۆخی سیاسی عێراقیان چارەسەر نەکردووە و نایکەن، بەڵکو هەمیشە دیمەنی سیاسیان زیاتر ئاڵۆزتر و لێڵتر کردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دۆخی سیاسی عێراق بەدوای کۆتایی دەسەڵاتی سەدامدا کە بۆتە ناوەڕۆکی کێشەکانی وەک سەرگەردانی و نەبونی ئاسایش و ناسەقامگیری بەردەوام، لەهەمانکاتدا هۆکاری توندوتیژی و مەترسی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان بووە.

دانیشتوانی عێراق پێویستیان بە هێزێکی جەماوەریە کە بتوانێت لە مەیدانی شەڕێکدا بێت بۆ کۆتایی بە دەور و دەسەڵاتی هێزی میلیشیای تائفی و ئیسلامی و نەتەوەپەرستی، لەهەمانکاتدا دامەزراندنی دەسەڵاتێک کە دابینی دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵکدا بکات لەدەسەڵاتی سیاسیدا. لەهەمانکاتدا ئامانجی ڕەخساندنی زەمینەیەک بێت بۆ دامەزراندنی دەستور و دەوڵەتێک کە لەسەر بنەمای غەیرە قەومی و سیکولار وهاووڵاتیبون بەڕێوەببرێت، پرۆسەیەک بێت بەرەو بەرجەستەکردنی، ئازادی و یەکسانی بڕواتە پێشەوە. بەڵام پێش هەر شتێک لە ئێستادا، پێویستە کۆتایی بە تەواوی هێزە میلیشیاکان بە هەر ناوێکەوەن، لە عێراق و هەرێمدا، بهێنرێت.

ئەزمونی حکومرانی ئێستای عێراق بەهەر دروشمێک کە لە هەندێک لایەنەوە ڕادەگەیەنرێت، کە دەڵێن چەک تەنها لە دەستی دەوڵەتدا بێت، نەک ئەو کارە لەسەر بنەمای پێکهێنانی حکومەتەکانی ئێستا ناکرێت، هێزە چەکدارە غەیرە دەوڵەتیەکانیش وەک خۆیان دەمێننەوە، لەهەمانکاتدا ئەو ژینگە سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتیەی لە حکومەتی ئێستای عێراق و کوردستاندا بەرجەستە بۆتەوە بە نوێنەرایەتی هێزی تائیفی و ئیسلامی و ناسیۆنالستی سەرمایە و سەرمایەداری دەپارێزن، بەردەوام ڕێگەیان پێدەدات دووبارە سەرهەڵبدەنەوە، واتە پێویستە ئەو ژینگەیە بنبەست بکرێت.

هەڵبەتە شانە سڕکراوەکانی داعش و هەر لایەنێکی توندڕەو و تیرۆرستی بەردەوامن بۆ ئامادەبونیان لە ئۆپەراسیۆنە پچڕپچڕەکان و لە ناو هێزە میلیشیاکان کە لە عێراق و سوریا کاری خۆیان دەکەن، ڕەنگە سڕبونی ئێستایان پرۆسەیەک بێت بۆ قۆناغێکی توندوتیژتری ئەو ڕێکخراوانەی تەنها باوەڕیان بە توندوتیژی و زاڵبون بەسەر کۆمەڵگەدا هەیە.

دانیشتوانی عێراق بەدوای کۆتایی زاڵبونی ئایدۆلۆژی بەعسی نەتەوەپەرستی و شۆفێنی، لە ماوە بیستوسێ ساڵی ڕابردودا، زیاتر بەدەست لە جۆرێک لە توندوتیژی ئایدیۆلۆژی تائیفی و ئیسلامی و نەتەوەپەرستیەوە دەناڵێنێت، دوای داگیرکاری عێراق لەلایەن ئەمریکاوە شایەتی شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی و مەترسیدار بوین لەژێر دەنگی تائیفی سوننە و شیعە کە شیرازەی کۆمەڵگەی لەبەریەک هەڵوەشاند. تیرۆر لە بۆشایدا سەرهەڵنادات، بەڵکو بەزۆری خۆراک لە دابەشبون و ناسنامەی داخراو و هەستکردن بە جیاکاری و دوورخستنەوە وەردەگرێت. دەوڵەت تا زیاتر ببێتە لایەنێک لە ململانێی ناسنامە، وەک ناسنامەی شیعە یا سونە یا ئیسلامی و نەتەوەپەرستی، ئیتر لە دنیای واقعدا ناتوانێت ڕۆڵی ناوبژیوانێکی بێلایەن لەنێو لایەنە سیاسیەکان و هاووڵاتیانیدا بگێڕێت، ناتوانێت دۆخێک فەراهەم بکات مانای ئازادی بدات.

هەر بەو مانایەش دەوڵەتێک پێناسەکەی ئیسلامی بێت، چەند بانگەوازی پێکەوە ژیان بکات، هیچ کات پێکەوە ژیان مانایەکی عەمەلی نابەخشێت، بەهەمانشێوە بۆ دەوڵەتێکیش نەتەوەپەرستی پیرۆزکات، ئەو کۆمەڵگەیە ئاسودە نابێت. پیرۆزکردنی هەر ئایدۆلۆژیەک زەمینەی ڕاستەقینەی پەروەردەکردنی توندوتیژی و توندڕەویە و بەردەوام لە ژێر تەقینەوەی بورکانێکی مەترسیداردایە.

توندڕەوی، لە جەوهەری خۆیدا، بە شوناسی تائیفی یان ئایینی و هەر ئایدۆلۆژیەک ناپێورێت، بەڵکو دەبێتە بیرۆکە و سیستم و ڕەفتارێک لەسەر بنەمای نەهێشتنی بەرامبەرەکەی، بە پیرۆزکردن و سەپاندنی بیرۆکە و بۆچونەکانی بەسەر کۆمەڵگەدا، هەربۆیە توندوتیژی و زۆرداری و تیرۆر، نوێنەرایەتی دەربڕینی کردەیی ئەم سیستەمە دەکات.

جیاوازی نێوان توندوتیژی و توندڕەوی داعش و توندوتیژی و توندڕەوی کە لەلایەن گروپە تائیفیە چەکدارەکانەوە لە عێراقدا پراکتیزە دەکرێت، جیاوازیەکی تیۆری بەرچاویان نیە. هەردووکیان لە قەناعەتی خاوەندارێتی حەقیقەتی ڕەها سەرچاوە دەگرن، هەردووکیان

⇦

هەوڵ دەدەن دیدگای خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن و هەردووکیان بۆ نەیارەکانیان وەک دوژمنێک دەڕوانن، کە دەبێت ژێردەستە بکرێن یان لەناوببرێن. هەردووکیان بە ناوی مەزهەب و ئایین توندوتیژی ئەنجام دەدەن.

دەوڵەتێک کە لە شوێنێکدا توندوتیژی و توندڕەوی سەرکوتە بکات و بانگەوازی ئازادی بکات، بەڵام لە شوێنێکی دیکەدا ئایدۆلۆژیەکەی خۆی پیرۆزکات و بەرجەستەی کات و هەمان کرداری توندوتیژی بەکار بهێنێتەوە، بانگەوازی ئازادیەکەی پوچ و مامەڵە و بازرگانی دەردەچێت، لە هەمانکاتدا متمانە و کاریگەری خۆی لەدەست دەدات.

ئەگەر دەوڵەتێک دابەشبونە تائیفیەکان بەهێز بکات یان ناسنامەیەک بخاتە پێش هەر ناسنامەیەکی تر، ئەوا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشدارن لە بەرێخستنی ئەو کەشوهەوایەی کە توندوتیژی و توندڕەوی بەرهەم دەهێنێت.

ئەمەش جەخت لەسەر گرنگی جیایی دین و تائیفی و نەتەوەپەرستی لە دەوڵەت دەکاتەوە، جیایی دین لەدەوڵەت بەمانای دوژمنایەتی بەرامبەر دینداران نیە یان سەرکوتکردنی تایبەتمەندیە کولتوریەکانی کۆمەڵگا نیە، بەڵکو بەو مانایەیە کە دامەزراوەکانی دەوڵەت دەبێ لە سەر بنەمای هاوڵاتیبونی یەکسان مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیان بکەن، نەک لەسەر بنەمای پەیوەندی تائیفی و ئاین و نەتەوە. کاتێک هاووڵاتیان هەست دەکەن مافەکانیان پەیوەستە بە پێگەی خۆیانەوە وەک هاووڵاتی نەک وەک ناسنامەکەی، یان نەک بە ئەندامبونی لە گروپێکی ئاینی یان تائیفیدا، پێویستی نابێت پەنابەرێت بۆ توندڕەوی و توندو تیژی. هەر دەوڵەتێک دیدگایەکی تائیفی و ناسنامەیەکی دیاریکراو لە یاسادانان و بەڕێوەبردن و دادوەریدا پەیرەوی بکات، ناتوانێت قەناعەت بە هیچ کەس بکات کە ئازادن و وەک یەک هاوبەش و یەکسانن لەو وڵاتەدا.

دادپەروەری لە بە فەرمی نەناسین و پیرۆزنەکردنی هەر ئایدۆلۆژیەک چەکی دژی جیاکاری و توندوتیژیە، ئەو جۆرە دادپەروەریە فەرشەکە لە ژێر پێی سەپاندنی تائیفیەتی و ئیسلامی و عەشیرەتی و نەتەوەپەرستی دەردەکێشێتە دەرەوە، یەکسانی لە نێوان هاووڵاتیاندا زامن دەکات و دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان دەرەخسێنێت، ئازادی تاکەکان دەپارێزێت و یاسا لەسەر هەمووان بەبێ جیاوازی جێبەجێ دەکات. لە ژینگەیەکی وادا تانە و تەشەرو قسەی زبر و کینە کەمتر سەرنجراکێش دەبێت، لە دواجاردا دین و تائیفی و نەتەوەپەرستی دەبێتە مەسەلەیەکی شەخسی.

عێراق و کوردستان، بەشێوەیەکی فراوانتر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستیان بە شۆڕشێکی جەماوەریە، کە تەواوی ئەو لایەن مەیلانەی دین و هەر ئایۆلۆژیەک لە دەوڵەت جیاناکانەوە بە خۆیان و هێزە چەکدارەکانیان پاککرێنەوە.

پرسی سنووردارکردنی چەک، لە دەوڵەت و هەڵوەشاندنەوەی گروپە چەکدارەکان تا ئێستاش، وەک نیگەرانیەکی درێژخایەن بۆ هەمووان ماوەتەوە و دۆخی ناوچەکەی داگیرکردووە و کێشەیەکی گەورەیە، چاوەڕوان لەوەی ئەمریکا کۆتایی بەو دۆخە بهێنێت، حاڵەتێکی نادروست و نەرێنیە، چونکە ڕۆڵی ئەمریکا شاراوە نیە، کە چۆن لەگەڵ ئەو لایەنانەو مەیلەکان و هێزە میلیشیاکان، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکانی چۆن سەوداوامامەڵە دەکات. تاقیکردنەوەی ئەمریکا نیشانی داوە نەک بەهیچ جۆرێک بیر لە کۆتاییهێنان بەو دۆخە ناکاتەوە و کاری لەسەر ناکات، بەڵکو بۆ خۆشی بەشێکی سەرەکیە لە دارشتن و بەردەوامیدان بەو دۆخە، لەهەمانکاتدا هەلومەرجی هەوڵدانی بزوتنەوەیەکی جەماوەری بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆخە گرانتر و ئاڵۆزتر کردووە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا پێویستە هەوڵ و دەنگمان بەرزراگرین، کەمپینی بەرفراوان دەست پێبکەین، بزوتنەوەیەکی بەرگریکار و هێرشبەری جەماوەری بەرێبخەین، ئەرکی هەموو کەسێکی ئازادیخوازە، بکەوێتە سەر ئەو ڕێگایەی چۆن عێراق و کوردستان و ناوچەکە لەم دۆخە دەردەکێشین، هێزێک برەو پێبدەین، کە ناسنامەی دین و تائیفە و نەتەوەپەرستی بەهیچ جۆرێک لە ئەجندا و بەرنامەیدا نەبێت، ئازادی و گۆرانکاری، کۆتایهێنان بەتەواوی هێزە میلیشیاکان بەرنامەی کاری بێت، بەرەو دابینکردنی دەوروەدخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیدا هەنگاو بنێین.

★

**ئۆکتۆبەر** بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێل: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=1
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# ئۆپۆزیسیۆنی له بەرنامەی دنیای باشتر ( بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری)ەوە؛

## دەربارەی مافەکانی منالاَن

- هەموو منالێك مافی ئەوەی هەیە لە ژیانێکی بەختەوەر و ئاسودە و داهێنەرانە بەهرەمەند بێت.
- کۆمەڵگا لەسەریەتی کە باشبژێوی و بەختەوەریی بۆ هەموو منالێك، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی خێزانیی، دابین بکات. دەوڵەت لەسەریەتی ستانداردێکی چونیەك لە باشبژێوی و ئیمکاناتی گەشەی ماددی و مەعنەوی منالاَن و تازەلاوان، لە بەرزترین ئاستی شیاودا، دابین بکات.
- دانی خەرجی پێویست و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و فێرکاری و کەلتووری خۆرایی، بۆ زامنکردنی ستانداردێکی بەرز بۆ ژیانی منالاَن و تازەلاوان بێگوێدانە بارودۆخی خێزانییان
- سەرپەرشتیکردنی هەموو ئەو منالانەی کە خێزان یان ئیمکاناتی خێزانییان نییە، لەلایەن دەوڵەتەوە و بەخێوکردن و پەروەردەکردنیان لە دامەزراوە مۆدێرن و پێشکەوتوو و پۆشتەکاندا.
- دامەزاندنی دایەنگە پۆشتە و مۆدێرنەکان بەمەبەستی بەهرەمەندبوونی هەموو منالاَن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی خێزانییان، لە ژینگەیەکی زیندوو و داهێنەرانەی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی.
- یەکسانی تەواوی منالاَن لەڕووی مافەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەچوارچێوەی هاوسەرگیری یان دەرەوەیدا لەدایك بووبن.
- قەدەغەکردنی کاری پیشەیی بۆ منالاَن و تازەلاوانی ژێر تەمەنی ١٦ ساڵی.
- قەدەغەکردنی هەرجۆرە ئازاردانێکی منالان لە خێزان و قوتابخانە و دامەزراوەکانی خوێندن و لەئاستی کۆمەڵگا بەگشتی. قەدەغەکردنی بێئەملاوئەولای سزادانی جەستەیی. قەدەغەکردنی گوشارو ئازاری دەروونی و ترساندنی منالاَن.
- ڕوبەڕووبوونەوەی توندی یاسایی لەگەڵ بەدکەڵك وەرگرتنی جنسیی لە منالان. بەدکەڵك وەرگرتنی جنسیی لەمنالان بە تاوانی قورسی جینایی دەژمێردرێت.
- لێپرسینەوە و سزادانی یاسایی کەسانێك کە بەهەر جۆرێك و بەهەربیانوویەك ببنە رێگر لەبەردەم بەهرەمەندبوونی منالان، چ کچ چ کوڕ، لە مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان، وەکو فێربوون، سەرگەرمی و بەشداریکردن لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی تایبەت بە منالان.
- قەدەغەکردنی چەکدارکردن و پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربازی بۆ منالانی خوار ١٦ ساڵ

☆

### لە بەرنامەی دنیای باشتر( بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری)یەوە سەبارەت بە؛

**داننان بەو زمانانەی کە لە وڵاتدا بەکاردێن**

قەدەغەکردنی زمانی ڕەسمی زۆرەملێ. دەوڵەت دەتوانێ یەکێك لەزمانە باوەکانی وڵات وەکو زمانی ئیداری و فێرکردنی سەرەکی دیاری بکات، بەو مەرجەی کە ئیمکانات و ئاسانکاری پێویست لە مەیدانەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فێرکردن بۆ ئەو کەسانە فەراهەم بکرێت کە بە زمانەکانی دیکە قسەدەکەن.هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەبێت کە بتوانێ بە زمانی دایکی خۆی لە هەموو چالاکیە کۆمەڵایەتیەکاندا بەشداری بکات و لە هەموو ئیمکاناتە کۆمەڵایەتیە گشتیەکان بەهرەمەند بێت.

# ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی بۆرژوایی پەرژینی دڵنیایی دەسەڵاتی میلیشیایی لە کوردستان؟

## توانا محەمەد نوری

کاتێک باس لە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی دەکرێت لە هەرێمی کوردستان، هەندێک پێیانوایە کە ململانێیەکی ڕاستەقینە لەنێوان دوو بەرەی جیاوازدا هەیە. بەڵام ئەگەر بە وردی لە ناوەڕۆکی ئەم کێبڕکێیە بڕوانین، دەبینین ئەوەی ناوی نراوە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی، تەنها بەشێکە لە خودی سیستەمەکە و ئەرکەکەی زیاتر فریودانی جەماوەرە نەک گۆڕانکاری بنەڕەتی. ئەم دابەشکارییە بۆ "حکومەت" و "ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی" تەنها ڕووکارێکی نمایشکارییە بۆ شاردنەوەی ئەو ڕاستییە تاڵەی کە هەردوولا لە یەک سەرچاوەوە ئاو دەخۆنەوە.

لەڕاستیدا، ئەوەی لە کوردستان پێی دەوترێت ئۆپۆزیسیۆن، ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی ناو هەمان خانەوادەی بۆرژوازی کوردە کە هیچ جیاوازییەکی جەوهەری لەگەڵ دەسەڵاتدا نییە. هەردوولا نوێنەرایەتی یەک چین و یەک بەرژەوەندی ئابووری دەکەن. ئەوان لەسەر بنەمای پاراستنی موڵکایەتی تایبەت، بازاڕی ئازاد و چەوساندنەوەی هێزی کار کۆکن. ململانێکەیان تەنها لەسەر ئەوەیە کێ لەسەر کورسییەکە دابنیشێت و کێ پشکی شێری لە داهات و نەوتی ئەم وڵاتە بەربکەوێت، نەک ئەوەی چۆن ژیانی خەڵک بەرەو باشتر بگۆڕن. بۆ نموونە، کاتێک دەسەڵاتدارانی کەرتی ئابووری، زەوییە گشتییەکانی کوردستان و کەرتی نیشتەجێبوون مۆنۆپۆل دەکەن و دەیکەنە پرۆژەی وەبەرهێنانی گرانبەها، هێزە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژواییەکان نەک دژی ئەم جۆرە لە سەرمایەدارییە مۆنۆپۆلخوازە ناوەستنەوە و داوای باجی قورس لەسەر کۆمپانیا گەورەکان ناکەن، بەڵکو زۆرجار کۆمپانیا و وەبەرهێنەرانی نزیک لە خۆیان بەشدارن لەم بازاڕە قازانجخوازەدا و کێشەکەیان تەنها لەسەر ئەوەیە کە بۆچی پشکی شایستەیان لە مۆڵەتەکان و وەرگرتنی زەوییە ستراتیژییەکان پێ نەدراوە.

چەمکی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی لەم سیستەمەدا وەک "پەرژینێکی دڵنیایی" (صمام أمان) کار دەکات. کاتێک تووڕەیی خەڵک دەگاتە ئەوپەڕی و بێزاری لە دەسەڵات زیاد دەکات، ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی بۆرژوایی دێتە پێشەوە بۆئەوەی ئەو تووڕەییە ڕێکبخاتەوە و بیخاتە ناو قاڵبێکی بێوەی وەک هەڵبژاردن یان گردبوونەوەی سنووردار. کارەکەی ئەوەیە ڕێگری بکات لەوەی خەڵک بیر لە گۆڕینی ڕیشەیی سیستەمەکە بکەنەوە، و پێیان بڵێت کە تەنها بە گۆڕینی چەند دەموچاوێک هەموو شتێک چاک دەبێت. ئەم واقیعە لە خۆپیشاندانەکانی ساڵانی ڕابردوودا (بۆ نموونە ڕووداوەکانی ١٧ی شوبات و ناڕەزایەتییەکانی دواتر) بە ڕوونی بینرا، کاتێک شەپۆلی تووڕەیی شەقام بە ئاڕاستەی سندوقەکانی دەنگدان و دروشمی چاکسازیی یاسایی لە ناو پەرلەماندا قەتیس کرا، لە جیاتی ئەوەی ببێتە هۆی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە بنەماکانی بەڕێوەبردندا.

ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی لە کوردستان بووەتە ئامرازێک بۆ شەرعییەت دان بەو سیستەمەی کە هەیە. بە بوونی ئەوان، دەسەڵات دەتوانێت بە جیهان بڵێت کە "دیموکراسی" لێرە هەیە و دەنگی جیاواز دەبیسترێت. بەڵام ئەم دەنگە جیاوازە تەنها لە دەنگەدەنگ تێپەڕ نابێت و هیچ کات ناچێتە سەر تێکدانی ئەو بنەما ئابووری و سیاسییانەی کە خەڵکیان هەژار کردووە. ئەوان تەنها ڕەخنەی شێوازی بەڕێوەبردن دەگرن، نەک خودی سیستەمە چەوسێنەرەکە. ئامارە نافەرمییەکان و ڕاپۆرتە ئابوورییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەی هەژاری لە هەندێک ناوچەی هەرێم گەیشتووەتە نزیکەی ١٥٪ بۆ ٢٠٪، لە کاتێکدا کەرتی تایبەت کە لەلایەن کۆمپانیا سێبەرەکانی حیزبەکانی دەسەڵات و سەرمایەدارانی نزیک لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی بۆرژواییەوە کۆنترۆڵ کراوە، پشکی شێری سەروەتی وڵات (زیاتر لە ٨٠٪)ی لە دەستدا کورتبووەتەوە و هێزە پەرلەمانییەکانیش نەیانتوانیوە تەنها یەک یاسای کار بۆ پاراستنی مافی کرێکاران جێبەجێ بکەن.

ئەگەر سەیری مێژووی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو بکەین، دەبینین هەرکاتێک لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی بۆرژوایی گەیشتووەتە دەسەڵات یان پشکی پێدراوە، بووەتە کۆپییەکی تری هەمان ئەو دەسەڵاتەی کە پێشتر ڕەخنەی لێدەگرت. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە کێشەکە لە کەسەکاندا نییە، بەڵکو لەو چوارچێوەیەدایە کە هەموویان تێیدا کار دەکەن. ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی بۆرژوایی تەنها "یەدەگی" دەسەڵاتە بۆ ڕۆژە سەختەکان، تا کاتێک یاریزانە سەرەکییەکان ماندوو دەبن، ئەمان شوێنیان بگرنەوە بەهەمان یاسای یارییەکە. نموونەی هەرە دیاری ئەم حاڵەتە، بەشداریکردنی بزووتنەوەی گۆڕان بوو لە کابینەکانی پێشووی حکومەتدا دوای ساڵانێک لە ململانێی توند، کە تێیدا نەک هەر نەتوانرا پێکهاتەی وەزارەتە سیادییەکان و داهاتی گشتی شەفاف بکرێت، بەڵکو خودی وەزیر و بەرپرسانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی بۆرژوایی دوێنێ بوونە بەشێک لە پاساوهێنانەوە بۆ پاشەکەوتی مووچە و قەیرانە داراییەکان.

فریودانی خەڵک لەوەدایە کە وا نیشان دەدرێت ململانێکە لە نێوان "خراپ" و "باش"دایە. بەڵام لە ڕاستیدا ململانێکە لەنێوان

بالی جیاوازی یەک چیندایە کە کێبڕکێیانە لەسەر تالانکردنی سامانی گشتی. کاتێک ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی باس لە "چاکسازی" دەکات، مەبەستی چاککردنی سیستەمەکەیە بۆئەوەی تەمەنی درێژتر بێت، نەک بۆئەوەی کۆتایی بەو نایەکسانییە بهێنێت کە کرێکار و زەحمەتکێشی تێدا دەچەوسێنرێتەوە. ئەم کێبڕکێیە تەنها لەسەر دابەشکردنی پۆستە باڵاکانە؛ بەپێی ئامارەکان، تەنها لە پەرلەمانی کوردستاندا، بەشێکی زۆری پەرلەمانتارانی پێشووی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئێستا هاوشێوەی پەرلەمانتارانی دەسەڵات، مووچەی خانەنشینیی پلە تایبەت وەردەگرن کە مانگانە چەندین ملیۆن دینارە، لەکاتێکدا مووچەی بنەڕەتیی فەرمانبەرێکی ئاسایی یان کرێکارێک لە نێوان ٣٠٠ بۆ ٥٠٠ هەزار دینارادایە.

ئەم ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژواییە هەمیشە هەوڵ دەدات خەڵک لە چاوەڕوانیدا بهێڵێتەوە. هەمیشە دەڵێن "وەرزێکی تر"، "هەڵبژاردنێکی تر" یان "هەلومەرجێکی تر" هەموو شتێک دەگۆڕێت. ئەم چاوەڕوانییە کوشندەیە ڕێگایەکی زیرەکانەیە بۆئەوەی ئیرادەی ڕاستەقینەی جەماوەر بۆ گۆڕانکاریی جدی سست بکەن و خەڵک بکەنە تەماشاچی یارییە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان و کۆبوونەوەکان. سەیرکەن لەماوەی چەند خولی ڕابردووی هەڵبژاردنەکاندا، ڕێژەی بایکۆت و بەشدارینەکردنی هاوڵاتیان لە دەنگداندا گەیشتە سەرووی ٪٦٠ لە هەندێک ناوچەدا، ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی جەماوەر لەم یارییە تێگەیشتووە، بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی هێشتاش هەڵبژاردن و خەباتی پەرلەمانی بەشێوازێکی تاقانەو گونجاو بۆ گۆڕانکاری لەژنای خەڵکدا دەرخواردی جەماوەر دەدەن!

جگە لەوەش، ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی لە کوردستاندا زۆرترین سوود لە هەستی نەتەوەیی و ئایینی و دروشمی بریقەدار وەردەگرێت بۆ شاردنەوەی ناسنامە چینایەتییەکەی خۆی. ئەوان نایانەوێت خەڵک بزانن کە کێشەی سەرەکی ئەوە نییە کێ کوردپەروەرترە یان کێ پاکترە، بەڵکو کێشەکە لەو پێکهاتە ئابوورییەدایە کە سەروەت و سامانی وڵاتی لە دەستی کەمینەیەکدا قەتیس کردووە و زۆرینەی خەڵکیشی ناچار بە کێشمەکێشی نانی ڕۆژانە کردووە. هێزە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژواییە ئیسلامی و نەتەوەییەکان هەمیشە لەکاتی بانگەشەدا دروشمی "دادپەروەری عومەری" یان "نیشتمانی پاک" بەرز دەکەنەوە، بەڵام لە پشت پەردەوە، سەرکردەکانیان خاوەنی پشکن لە کۆمپانیا گەورەکانی کەرتی تەندروستی، دەرمان و زانکۆ تایبەتەکان، کە ڕۆژانە بە نرخێکی گران بارقورسی بۆ سەر شانی هاوڵاتیانی کەمدەرامەت دروست دەکەن.

بۆیە دەتوانین بڵێین ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی لە کوردستاندا نەک هەر چارەسەر نییە، بەڵکو بەشێکە لە کێشەکە. ئەوان وەک دەمامکێک وان بۆ ڕووخساری ڕاستەقینەی دەسەڵات. کاتێک خەڵک لە ڕووخسارە ئەسڵییەکە دەترسن یان لێی بێزار دەبن، ئەم دەمامکە نیشانی خەڵک دەدرێت تا کەمێک ئارام ببنەوە. ئەمە فێڵێکی گەورەی سیاسییە بۆ ئەوەی بازنەی دەسەڵاتی سەرمایە و حزبەکان هەمیشە بە داخراوی بمێنێتەوە.

لەکۆتاییدا، ڕزگاریی ڕاستەقینەی خەڵک لە تێپەڕاندنی ئەم کایە فێڵاوییەی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی دەست پێدەکات. تا ئەو کاتەی خەڵک بڕوایان وابێت کە فریادڕەسێک لە ناو ئەم ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژواییە کارتۆنییانەدا هەیە، باروودۆخەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە. گۆڕانکاریی ڕاستەقینە تەنها کاتێک ڕوودەدات کە جەماوەر متمانە بە هێزی خۆیان بکەن و تێبگەن کە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی دوو ڕووی یەک دراون و تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دروست کراون.

★

# حکومەت دەبێت پابەندبێت بەخەرجکردنی شایستە داراییەکان!

ئەمڕۆ دوو شەممە ٨/٦/٢٠٢٦ لە شاری کەرکوک سەدان جوتیارو کەسانی ئازادیخواز لە بەردەم تەلاری پارێزگای کەرکوکدا بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە میدیاکاران، گردبوونەوەو خۆپیشاندانێک ئەنجامدا، کە بەمەبەست لەم نارەزایەتی دەربڕینە ڕاوەستانەوە و هەڵوێست وەرگرتنی لێبڕاوانە بوو دژ بە سیاسەتی لە چاوەڕوانیدا هێشتنەوەو بێبەش کردنی جوتیارانی ئەم ناوچەیە لە ماف و شایستەداراییەکانی خۆیان!

جێگەی ئاماژە پێکردنە بەشێک لە داخوازیەکانی ئەم نارەزایەتی دەربڕینە بریتی بوو لە: گەڕاندنەوەی نرخی بەرهەمی دانەوێڵە بۆ نرخی بێشو کە بۆ هەرتۆنێک هەشت سەدو بەنجا هەزارە دینار بووە. چارەسەری هەندێ کێشەی موڵکداری زەوییەکانیان .




پابەندکردنی حکومەت بەخەرجکردنی شایستە داراییەکانی ساڵانی 2024 و2025 بەبێ هیچ دواخستنێک. چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کەلە بازگەکاندا بۆیان دروست دەکەن لە ڕێگریکردن بۆ هێنانی بەرهەمەکانیان بۆسایلۆکانی کرکوک وساغکردنەوەیان!

شایەنی باسە هاوڕێیانی کۆمیتەی کەرکوکی حیزب لەم نارەزایەتی دەربڕینەدا چالاکانە بەشداریان گرد!